# The petrochemical industry in the energy policy of the Kurdistan Region
# (A Study in Political Geography)

Hemn Mohamad Ismail[1], Didar Hamad Qadir[2]
[1] Department of Geography, Faculty of Arts, Soran University, 2 Ministry of Education

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2471.13*
*Published: 21/07/2024*

## Abstract
Petrochemical industries have a special importance in the development of the country, because their products are used as raw materials in most other industries. Therefore, in this study, we focused on the petrochemical industry in the energy policy of the Kurdistan Region. In this study, both force analysis and analytical methods were used, and to reach the scientific responses, we divided the research into three main axes. The first topic analyzes the framework of the research and the second deals with the petrochemical industry and its importance, while the third topic deals with the energy policy and petrochemical industry in the region, as a result we concluded that despite the importance of this type of industry, but so far this type of industry has not been taken care of in the Kurdistan Region.

***Keywords:*** *Energy, Petrochemical industry, Energy Policy, Kurdistan Region.*

# پیشەسازیی پترۆکیمیاییەکان لە سیاسەتی وزەی هەرێمی کوردستاندا (لێکۆڵینەوەیەکە لە جوگرافیای سیاسی)

دکتۆر هێمن محمد اسماعیل، زانکۆی سۆران، فاکەلتیی ئاداب، بەشی جوگرافیا
hemin.Ismai@soran.edu.iq
دیدار حمد قادر، وەزارەتی پەروەردە
dhq240h@geoa.soran.edu.iq

**پوختە**

پیشەسازیی پترۆکیمیاییەکان گرنگییەکی تایبەتیان هەیە لە بەرەوپێشبردنی وڵات، بەهۆی ئەوەی بەرهەمەکانی وەکو مادەی سەرەتایی بەکاردەهێنرێت لە زۆربەی زۆری پیشەسازییەکانی تردا. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا تیشکخراوەتەسەر پیشەسازیی پترۆکیمیاییەکان لە سیاسەتی وزەی هەرێمی کوردستاندا. لەم توێژینەوەیەدا هەریەکە لە ڕێبازی شیکردنەوەی هێز و ڕێبازی شیکاری بەکارهاتوون. بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامی زانستی، توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ سێ تەوەرەی سەرەکی، لە تەوەرەی یەکەمدا چوارچێوەی توێژینەوە شیکراوەتەوە. تەوەرەی دووەم تایبەتکراوە بە پیشەسازیی پترۆکیمیایی و گرنگییەکەی، لە تەوەرەی سێیەمدا سیاسەتی وزەی هەرێمی کوردستان و پیشەسازیی پترۆکیمیایی خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لە دەرئەنجامدا گەیشتووین بەو ڕاستییەی کە سەرەڕای گرنگیی ئەم جۆرە پیشەسازییە، بەڵام تاوەکو ئێستا لە هەرێمی کوردستان هیچ گرنگییەکی ئەوتۆ بەم جۆرە پیشەسازییە نەدراوە.

**وشە کلیلییەکان**: وزە، پیشەسازیی پترۆکیمیایی، سیاسەتی وزە، هەرێمی کوردستان.

# پیشەسازیی پترۆکیمیاییەکان لە سیاسەتی وزەی هەرێمی کوردستاندا (لێکۆڵینەوەیەکە لە جوگرافیای سیاسی)

## پێشەکی

پیشەسازیی پترۆکیمیایی یەکێکە لەو پیشەسازییە گرنگانەی کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گرنگیی زیاتری پێدەدرێت، بەهۆی ئەو ڕۆڵەی کە هەیەتی لە بەرەوپێشبردنی وڵات لە تەواوی سێکتەرەکانی تری وەکو پیشەسازی، کشتوکاڵ، بیناسازی و تەندروستی. هەروەها بەهۆی ئەوەی سەرچاوەی سەرەکیی ئەم پیشەسازییە بە شێوەیەکی سەرەکی پشتدەبەستێت بە نەوت، گازی سروشتی و خەلووزی بەردی، بۆیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خواست لەسەر ئەم جۆرە سوتەمەنییانە لە زیادبووندایە بە جۆرێک تەنها لە ساڵی (٢٠١٧ )دا (١٤٪ )ی هاوردەکردنی نەوتی خاو (٨٪) هاوردەکردنی گازی سروشتی لە جیهاندا بۆ بەکاربردن بووە، لەم جۆرە پیشەسازییەدا. ئەمە لەکاتێکدا لە وڵاتانی خاوەن یەدەگی نەوت و گازی سروشتی هەوڵی جدی دەدرێت بۆ سوودبینین لە سەرچاوە سروشتییەکانیان و بەکارهێنانی لەم جۆرە پیشەسازییەدا، چونکە دەبێتە هۆی هەمەچەشنکردنی ئابووریی وڵات و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە نەوت. لە کۆماری فیدراڵیی عێراقدا هەر لە کۆتایی ساڵانی شەستەکانەوە گرنگیی بەم جۆرە پیشەسازییە دراوە، چەندین کارگەی پیشەسازیی پترۆکیمیایی دامەزراون، بەڵام تاوەکو ئیستا بەرهەمی ئەم کارگانە وەکو پێویست نییە. لە هەرێمی کورستانیش سەرەڕای ئەوەی کە خاوەنی بڕێکی زۆر لە یەدەگی نەوت و گازی سروشتییە، بەڵام تاوەکو ئێستا وەک پێویست گرنگی بەم جۆرە پیشەسازییە ستراتیژییە نەدراوە.

## کێشەی توێژینەوە

پشتبەستنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەناردەکردنی نەوت و گازی سروشتی و نەبوونی سەرچاوەیەکی تری داهات، کە ببێتە هۆی پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئابووری و لاوازیی کەرتی پیشەسازی لە ناوچەکەدا لە گرنگترین کێشەکانی ئەم توێژینەوەیەن.

## ئامانجی توێژینەوە

ئامانج لەم توێژینەوەیە دەرخستنی ڕۆڵی پیشەسازیی پترۆکیمیاییە لە بەرەوەپێشبردنی وڵات لە ڕووی ئابوورییەوە، دیاریکردنی پێگەی ئەم جۆرە پیشەسازییە لە سیاسەتی وزەی هەرێمی کوردستاندا.

## گرنگیی توێژینەوە

شیکردنەوەی سیاسەتی وزەی هەرێمی کوردستان و دەرخستنی پێگەی داهاتووی پیشەسازیی پترۆکیمیایی لە سیاسەتی وزەی هەرێمی کوردستاندا گرنگیی تایبەتی بەم توێژینەوەیە بەخشیوە.

## گریمانەی توێژینەوە

١- پیشەسازیی پترۆکیمیایی چ ڕۆڵێکی هەیە لە بەرەوەپێشبردنی وڵات؟

٢- پیشەسازیی پترۆکیمیایی چ پێگەیەکی دەبێت لە سیاسەتی وزەی هەرێمی کوردستاندا؟

٣-ئایا هیچ کارگەیەکی پیشەسازیی پترۆکیمیایی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە؟

## ڕێبازی توێژینەوە

ڕێبازی توێژینەوە یەکێکە لە کۆڵەگە سەرەکییەکانی توێژینەوەی ئەکادیمی، لە هەر توێژینەوەیەک ڕێبازێک یان چەند ڕێبازێک بەکاردەهێنرێن بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامی ورد و زانستی. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی شیکردنەوەی هێز بەکارهاتووە کە هەڵدەستێت بە شیکردنەوەی گشت ئەم بنەما جوگرافییانەی کە ڕۆڵیان لە هێزی دەوڵەتدا هەیە، جا ئەو بنەمایە سروشتی بن یان مرۆیی، پەیوەندی و شیکاریی هەر یەک لەم بنەمایانە دەخاتەڕوو بۆ سوودوەرگرتن لێی لە بواری ڕامیاریی دەوڵەتدا جا چ لەسەر ئاستی ناوخۆ بێت یان دەرەکی، سوودیشمان لە ڕێبازی شیکاری وەرگرتووە بۆ شیکردنەوەی داتا بەکارهاتووەکان.

## پلانی توێژینەوە

بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەرکی، توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ سێ تەوەرەی سەرەکی:

تەوەرەی یەکەم: ناساندنی چوارچێوەی توێژینەوە کە خۆی لە ناساندنی چەمکە سەرەکییەکان و ناوچەی لێکۆڵینەوە دەبینێتەوە.

تەوەرەی دووەم: گرنگیی و ڕۆڵی پیشەسازیی پترۆکیمیاییەکان لە ئابووریی وڵاتاندا.

تەوەرەی سێیەم: سیاسەتی وزەی هەرێمی کوردستان و پیشەسازیی پترۆکیمیایی

## تەوەرەی یەکەم:

### ١-ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە.


### ١-١- شوێنی ئەسترۆنۆمی (فەلەکی) Astronomical Location

مەبەست لە شوێنی ئەسترۆنۆمی، واتە دیاریکردنی شوێنی دەوڵەتێک یان هەرێمێک یاخود ناوچەیەک بە گوێرەی هێلەکانی درێژی و بازنەکانی پانی، هەروەها شوێنی ڕەها ( Absolute Location)یشی پێدەگوترێت. (حمد،٢٠١٤، ل٢٥)

شوێنی ئەسترۆنۆمیی هەرێمی کوردستانی عێراق هەروەکو لە (نەخشە-١) دا دەردەکەوێت؛ کەوتۆتە نێوان بازنەکانی پانیی (٣٧،٢٢-٣٢،٢٢) باکووری گۆی زەوی و هێلەکانی درێژیی (٤١،٨-٤١،١٨) ڕۆژهەڵات. هەرێمی کوردستان دەکەوێتە ناوچە مامناوەندییەکانی گۆی زەوی.

بەهۆی درێژبوونەوەی هەرێمی کوردستان لەسەر چوار بازنەی پانی، بۆتە هۆی دروستبوونی هەرێمی ئاوهەوای جیاواز لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، ئەمەش وای کردووە کە هەرێمی ئاوهەوای ناوچەی لێکۆڵینەوە دابەشبێت بەسەر دوو ناوچەی سەرەکی، ئەوانێش هەرێمی ئاوهەوای دەریای ناوەڕاست ( Csa)، کە ئەم هەرێمە دەکەوێتە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵات، واتە ناوچە شاخاوییەکان دەگرێتەوە، هەرێمی ئاوهەوای کورتە گیا ئیستێپس ( Bsh) لە باشوور واتە ناوچەی شاخاوی و دەشتەکان. (طالب وصادق، ٢٠١٩، ل٢١٧)

لە ڕووی بارانبارینیشەوە بە هەمان شێوە دابەشدەبێت بۆ دوو هەرێم وەکو هەرێمی بارانی مسۆگەر و نامسۆگەر، کە ئەمەش دەبێتە مایەی دەرکەوتنی چوار وەرزی ساڵ،




لەلایەک. لەلایەکی تر، توانای بەرهەمی کشتوکاڵی جۆراوجۆر و زیاتر دەکات، بە شێوەیەک کە ڕێژەیەکی باش لە پێداویستیی دانیشتوانی هەرێم دابینبکات، ئەمەش دەبێتە فاکتەرێکی باش بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراک لە هەرێمدا، بواری چالاکیی ئابووری فراوانتر دەکات لە هەمان کاتدا سامانێکی زۆری نەوت و کانزاکانی تر لە هەرێمی کوردستان هەن. (هەمەوەندی، ٢٠٠٨، ل٢٥)

**نەخشە-١ شوێنی ئەسترۆنۆمی (فەلەکی) هەرێمی کوردستان**

بە سوودوەرگرتن لە: حکومەتی Arc gis 10.7 سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەکارهێنانی بەرنامەی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، نەخشەی هەرێمی کوردستان.٢٠٢٠.

## ١-٢-شوێن بەگوێرەی ناوچەکانی دەوروبەری (شوێنی دراوسێیەتی)

) بریتییە لە دیاریکردنی Relative Locationشوێنی دراوسێیەتی یاخود شوێنی ڕێژەیی ( شوێنی دەوڵەتێک یاخود هەرێمێک بە پێی دەوڵەتانی دەوروبەری بە تایبەتی ئەو دەوڵەتانەی کە سنووری هاوبەشیان هەیە لەگەڵ دەوڵەتە دیاریکراوەکە.

لە شوێنی دراوسێیەتی زیاتر گرنگی بە شوێنی دەوڵەت و پەیوەندیی لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکان دەدرێت، دراوسێیەتیی دەوڵەتان کاریگەریی خۆی لەسەر پەیوەندیی دەوڵەتاندا لە کاتی شەڕ بێت یاخود لەکاتی ئاشتیدا، دەتوانین بڵێین باشترین شوێنی دەوڵەت سەبارەت بە وڵاتانی دراوسێ ئەو دەوڵەتەیە کە هیچ دەوڵەتێکی تری دراوسێی نییە واتە لە پەیوەندیکردنی بە هەموو لاکاندا ئازادە. بە پێچەوانەوە، ئەو وڵاتانەی کە لە هەر چوارلاوە دەورەدراون و خاوەن زۆرترین دراوسێن ئەوا دەتوانین شوێنی ئەو دەوڵەتانە بە شوێنێکی خراپ وەسفبکەین بە تایبەتی ئەگەر ئەو دەوڵەتانە لەگەڵ یەکتری لە کێشەدا بن یاخود خاوەنی بیروڕای سیاسی و ئاینیی جیاواز بن. (فتح الله،٢٠١٤،ل٧٤)

سەبارەت بە شوێنی دراوسێیەتیی هەرێمی کوردستان ئەگەر بڕوانینە نەخشە-٢ بۆمان دەردەکەوێت کە هەرێمی کوردستان لە هەر چوارلاوە دەورەدراوە بە وڵاتانی دراوسێیەوە، لە باکوورەوە هاوسنووورە لەگەڵ وڵاتی تورکیا، لە ڕۆژهەڵاتەوە هاوسنوورە لەگەڵ ئێران، لە ڕۆژئاوا وڵاتی سوریا، لە بەشەکانی باشوور و باشووری ڕۆژئاوا هاوسنوورە لەگەڵ عێراقدا. (گەردی، ٢٠٠٨، ل٤٠)

**نەخشە-٢ شوێنی هەرێمی کوردستان بەگوێرەی ناوچەکانی دەوروبەری**

سەرچاوە:کاری توێژەر بە بەکارهێنانی بەرنامەی Arc gis 10.7 بە سوودوەرگرتن لە ئەتلەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق و جیهان، ٢٠٠٩.




## ١-٣-ڕووبەری هەرێمی کوردستان.

تاوەکو ئێستا نەتوانراوە ڕووبەری تەواوی هەرێمی کوردستان دیاریبکرێت. بەهۆی ناسەقامگیریی بارودۆخی وڵات و نەبوونی سنوورێکی دانپێنراوی نێودەوڵەتی بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام لە ئەنجامی لێکدانەوەی یەکە کارگێڕییەکانی ناو سنووری ئێستای هەرێمی

کوردستان کە نەخشەکەی لەلایەنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی پەسەندکراوە، ڕووبەری هەرێمی کوردستان نزیکەی (٨٢٧٣٧)کم٢ دەبێت کە دەکاتە ڕێژەی (١٨،٨٪) خاکی عێراق، ئەمە لە کاتێکدا ڕووبەری سەرجەم خاکی عێراق (٤٣٨،٣١٧)کم٢ دەبێت. (گەردی، ٢٠٠٨، ل٤٣)

## ٢- ناساندنی چەمکە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوە

### ٢-١- هەرێم (Region)

(Region) لە وشەی هەرێم بە شێوازی جیاواز پێناسە دەکرێت بە جۆرێک وشەی هەرێم (Rigo)ی لاتینییەوە هاتووە، کە بە مانای شوێنێک، زۆنێک، بۆشاییەک، شارێک، هەرێمێک یاخود قەزایەک دێت، بەکارهێنانی ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕۆمانییەکان کە بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو لەنێو دەوڵەتێکدا بەکاریاندەهێنا، کە دەسەڵاتێکی نیمچە سەربەخۆیان هەبوو. (Dejan and Others, 2015, p69)

(Andrew john Herberston) جوگرافیناسی سکوتلەندی ئەندریو جۆن هیربیرستۆن یەکەم کەس بوو کە لە ساڵی (١٩٠٥)دا جیهانی دابەشکرد بۆ سەر چەند هەرێمێکی سروشتی لەسەر بنەمای پێوەرە ئاوهەواییەکان و بوونی خاڵی هاوبەش لەنێوان ناوچەکاندا. (http://moirabaricollegeonline.co)

(Region) کراوە لە سەردەی نۆزدەم و بیستەمدا بە چەندین شێوەی جیاواز پێناسەی هەرێم لەوانە:

- بەشێکی سەرزەمینە کە لەناو خۆدا لە ڕووی ڕوخسار و تایبەتمەندی هەماهەنگی تێدایە، ئەمەش وادەکات لە سەرزەمینەکانی دەوروبەری خۆی جودابکرێتەوە.

-یەکەیەکی شوێنە کە دیاردە جوگرافییەکان تیایدا بە شێوەیەکی سروشتی هەماهەنگن.

-ڕووپێوێکی زەوییە کە کۆمەڵە ژینداریکی جیاواز بە شێوەیەکی سروشتی تێیدا کۆبوونەتەوە دواتریش توانویانە پێکەوە ژیانێکی هاوبەش بەسەربەرن.

(Region) بکەین بەوەی بریتییە لە پارچە زەوییەک بە گشتی دەتوانین پێناسەی هەرێم کە ڕووبەرێکی دیاریکراوی هەیە بە دیاردەیەک یان چەند دیاردەیەکی جوگرافی لە ناوچەکانی دەوروبەری جیادەکرێتەوە. (ئیسماعیل، ٢٠٠٤، ل٥٧)

### ٢-٢-کوردستان

زاراوەی کوردستان لە بنەڕەتدا لە دوو برگە پێکهاتووە؛ یەکەمیان (کورد) بەو گرووپە مرۆییە دەگوترێت، کە مەرجەکانی یەک نەتەوە تێیدا بەدیدەکرێت وەک زمانی هاوبەش، مێژووی هاوبەش و خاکی هاوبەش. دووەمیان (ستان) کە پاشگرێکە لە زمانی هیندۆئێرانییەکان بە

مانای وڵات یان نیشتیمان دێت وەکو (ئەفخانستان، پاکستان، هیندستان، تاجیکستان هتد). (محمد امین، ٢٠١٤، لا٦١)

کوردستان وەک ناوی هەرێمێک و وەکو زاراوەیەکی جوگرافی بۆ یەکەم جار لە ناوەڕاستی سەدەی دوانزەهەم (١١٥٠)ی زاینی لە سەردەمی سەلجووقویەکان بەکارهێنراوە، سنجاری دوا پاشای سەلجووقییەکان یەکەمین کەس بوو یەکێک لە هەرێمەکانی وڵاتەکەی ناو ناوە کوردستان.

گەڕیدەی بەناوبانگی ئیتالی مارکۆپۆلۆ (١٢٥٤-١٣٢٣) یەکەمین کەس بوو کە ناوی کوردستانی بە شێوەی (کاردستان) تۆمارکرد. هەروەها حەمدولای موستەوفی قەزوینی دانەری کتێبی (نزهة القلوب) لە ساڵی (١٣٤٠)ی زاینیدا دوای مارکۆ پۆلۆ بە (٤٣) ساڵ ئەو ناوەی بۆ هەندێک لە شوێنەکانی کوردستانی خۆرهەڵات بەکارهێناوە. لە سەدەی حەڤدەمیشدا ماوەیەک ناوی ویلایەتی کوردستان بە ڕەسمی بۆ هەندێک لە ناوچەکانی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بەکارهێنراوە. (نەقشەبەندی، ١٩٩٦، لا٧٧)

چەندین پێناسە کراون بۆ زاراوەی (کوردستان) لەوانە دائیرەی مەعاریفی بەریتانی دەڵێت (کورستان: خاکی کوردان ناوچەیەکی گردۆلکەی فراوان و شاخاوییە هەموو دانیشتوانی یان زۆربەی هەرە زۆریان کوردن).

باسیل نیکتین دەڵێت (لەگەڵ ئەوەشدا کوردستان سنوورێکی سیاسیی نییە و لەنێوان عێراق، ئێران، تورکیا و سوریادا دابەشکراوە بەڵام ئەم ناوە جگە لە وڵاتی کوردان هیچ مانایەکی دی نابەخشێت).

لەم بارەیەوە جەلال تاڵەبانی دەڵێت (کوردستان ئەو وڵاتەیە کە کوردی تێدا نیشتەجێیە و شانبەشانی چەند کەمینەیەکی نەتەوەیی هەیە)، چەندین زانا و توێژەریش سەبارەت بەم زاراوەیە قسەیان کردووە، بەڵام هەموویان لەوەدا هاوڕان کە کوردستان تایبەتە بە نەتەوەی کورد و خاکی کوردان.

هەرێمی کوردستانی عێراق کە زۆر جار (کوردستانی باشوور یان کوردستانی عێراقی پێدەوترێت)، کەمتر لە سەدەیەک دروست بووە لە ڕاستیدا ئەوەندەی لە ڕووی جوگرافیای سروشتی و مرۆییەوە بەشێکە لە کوردستانی گەورە، ئەوەندە هەماهەنگی لەگەڵ باقی ناوچەکانی تری باشوور و ناوەڕاستی عێراقدا نییە، هەربۆیە زاراوەی هەرێمی کوردستانی عێراق جگە لەوەی لە لایەن پەرلەمانی کوردستان و دەستووری عێراقەوە دانییێدانراوە دەستەواژەیەکیشە بۆ ناسینەوە و جیاکردنەوەی لە بەشەکانی کوردستان کە بە کوردستانی باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ناودەبرێت. (محمد امین، ٢٠١٤، لا١٨-١٩)

## ٢-٣-جوگرفیای سیاسی Political Geography

) لقێکە لە لقەکانی جوگرافیای مرۆیی و سەر بە Political Geography( جوگرافیای سیاسی زانستی جوگرافیایە، بایەخ بە یەکە ڕامیارییەکانی دەوڵەت دەدات لە ڕێگەی دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و ئەو ژینگەیەی کە مرۆڤ تێیدا دەگوزەرێ، لە چوارچێوەی ئەو هەرێمەی کە تێیدا دەژی. (فتح الله، ٢٠١٤، لا٨)

دەرکەوتنی جوگرافیای سیاسی وەک بەشێکی دانەبڕاو لە جوگرافیای مرۆیی لە دەرکەوتەکانی سەدەی بیستەمە، هەڵبەتە ئەمە مانای ئەوە نییە کە لە ڕابردوودا فەیلەسووف و نوسەرە گەورەکان نەکەوتوونەتە ژێر کاریگەریی دوولایەنەی سیاسەت بە شێوەی جۆراوجۆر و ژینگەی فیزیکی (جوگرافی) ئاوڕیان لێنەداوەتەوە. لە نووسینەکانی هیرۆدۆت، ئەفلاتوون، ئەرستۆ، منتسکیۆ، هردو هیگل دەردەکەوێت کە تێڕوانینیان لەسەر جوگرافیای سیاسی هەبووە بەبێ ئەوەی زانیارییان لە بوونی بەشێکی سەربەخۆ لەژێر ناوی جوگرافیای مرۆیی هەبێت. (مهاجرانی،٢٠١٠، لا١٥)

) ی ئەڵمانی(١٨٤٤-١٩٠٤) بە دامەزرێنەری Friedrich Ratzelفریدریک ڕاتزل ( ڕاستەقینەی جوگرافیای سیاسی دادەنرێت، ڕاتزل بەهۆی نیشاندانی چەمکەکان و میتۆلۆجی تازە لە جوگرافیای سیاسیدا بە باوکی ئەو زانستە ناسراوە، کتێبی جوگرافیای سیاسی ڕاتزل لە ساڵی (١٨٩٧) یەکەمین کتێبە لەو بوارەدا ناسراوە. (محمدامین، ٢٠١٢، لا ١٠-١١)

جوگرافیای سیاسی لە بنەڕەتدا بایەخ بە یەکە ڕامیارییەکان دەدات، واتە دەوڵەت، هەوڵی دەرخستنی کەسایەتیی ئەو دەوڵەتەش دەدات وەکو دیاردەیەکی هەمەلایەنە، ئەمە جگە لە خستنەڕووی ئەو پەیوەندییە نێودەوڵەتییانەی کە کار لە یەکە سیاسییەکە دەکات.

سەرەڕای لێکۆڵینەوە و بایەخدان بە یەکە ڕامیارییەکان وەک کەسایەتیی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی دیاریکراو، لەهەمان کاتیشدا بایەخ بەو هۆکارە سروشتی و مرۆییانە دەدات کە دەوڵەت هەیەتی و هەڵسەنگاندنی گونجاویان بۆ دەکات، خاڵە لاواز و بەهێزەکانیان دەخاتەڕوو.

جوگرافیای سیاسی چەندین پێناسەی لەلایەن جوگرافیناسەکانەوە بۆکراوە، لەوانە:

) پێناسەی جوگرافیای سیاسی دەکات و دەڵێت: ئەو زانستەیە کە R. Hartshorneهارتشۆن ( بایەخ بە جیاوازی و دیاردە سیاسییەکان دەدات لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، ئەم جیاوازییەش دەبەستێتەوە بەو گۆڕانکارییانەی کە لەسەر ڕووی زەوی ڕوویانداوە بە تایبەتی لەو شوێنانەی کە مرۆڤ لەسەری دەژیت.

) دەڵێت: جوگرافیای سیاسی بریتییە لە شیکردنەوەی Alexanderئەلکساندەر(
ناوچەیەک یان ڕووبەرێک لە زەوی کە ڕێکخراوێکی ڕامیاری تێیدایە یان کیانێکی سیاسی هەیە و پەیوەندیی ئەم کیانە بە هاوشێوەکانی ڕووندەکاتەوە.

) پێناسەی جوگرافیای سیاسی دەکات و دەڵێت: ئەم زانستە لقێکە لە Weigertویگرت (
لقەکانی جوگرافیای مرۆیی، لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و زەوی دەکۆڵێتەوە، لەگەڵ بایەخدانی تەواوی بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان هۆکارە جوگرافییەکان و گۆڕانکاری و ڕووداوە سیاسییەکاندا هەیە. (فتح الله، ٢٠١٤، لا ١٤-١٥)

## ٢-٤- ستراتیج Stratege

)ی یۆنانیەوە هاتووە، کە بە مانای Strategosدەستەواژەی ستراتیج لە وشەی (
(سەرکردایەتی) دێت، هەروەها بە مانای (هونەری سەرکردایەتیی هێزەکان) دێت. لە کۆندا بۆ ماوەیەکی زۆر بە مانای (هونەری سەرکردایەتیی هێزە سەربازییەکان) بەکاردەهات، بەڵام بە تێپەڕینی کات و نەوە دوای نەوە مانای ئەم دەستەواژەیە گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە.

یەکەم کەس کە وشەی ستراتیجی بەکارهێنا بیرمەندی چینی (سەن توز) بوو لە کتێبە سەربازییەکەی بە ناوی (هونەری جەنگ) بۆ پلاندان لە جەنگدا لە پێناوی سەرکەوتن. (کیلانی، ٢٠٠٧، ص٦)

ستراتیج یەکێکە لەو چەمکانەی کە بۆ کۆمەڵێک مانا و مەبەست بەکاردەهێنرێت لە بواری جیاوازدا، لە مانایەکی دیاریکراوی تەسک کورتناکرێتەوە، بەڵکو بەپێی سەردەم و قوتابخانە فکری، سیاسی و سەربازییەکان مانای جیاواز و جۆراوجۆری بۆ بەکارهێنراوە، ئەمەش وای کردووە نەتوانرێت پێناسەیەکی گشتی و چونیەکی بۆ دابنرێت.

ستراتیج ئەو زانستەیە یاخود ئەو هونەرەیە کە بەهۆیەوە یاخود بەو پێودانگەی هێز و توانای سوپایی شتێک بۆ دەستەبەرکردنی گەیشتن بە ئامانج لە کاتی جەنگدا بەکاردەهێنرێت. یا ستراتیج بریتییە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی میکانیزم، ئامرازەکان، دانانی ئەلتەرناتیڤ، نەخشە، پلان و تاکتیکی گونجاو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، ئەمەش پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە دروستکردنی بڕیاری سیاسیەوە هەیە، کە ستراتیجی باڵای دەوڵەت دیاریدەکات. (فتح الله، ٢٠١٤، لا٥١)

یاخود دەکرێت ستراتیج وا پێناسە بکرێت کە زانستێکە یان هونەرێکە لە ڕێگەیەوە تەواوی توانا بەردەستەکان بەکاردەهێنرێت یان وەبەردەهێنرێت لە شتێکدا کە خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجێک. ئەمڕۆ لە بواری سەربازیدا زۆر بەکاردەهێنرێت لەم

بوارەدا گەیشتن بە ئامانج سەرکەوتنە لە ڕووی سەربازیدا، ستراتیج پلانی دوورمەودایە و بەردەوامیشی تێدایە٠ (محمدامين، ٢٠١٢، ل١٧)

ئەنجومەنی توێژینەوەکانی پنتاگۆن وا پێناسەی ستراتیج دەکەن کە تەنها ئاڕاستەکردنی جەنگ ناگرێتەوە، بەڵکوو هونەر و زانستی پەرەپێدان و کارگێڕی و هێزی سەربازی، ئابووری و کلتووریش دەگرێتەوە.

لێرەدا دەتوانین بڵێین ستراتیج بیتییە لە زانست و هونەری گەشەپێدان و ئامادەکردن و بەکارهێنانی هێز و توانا سیاسی، ئابووری، سەربازی، تەکنەلۆژی و کلتوورییەکانی دەوڵەت بۆ بەدیهێنانی ئامانجە باڵاکان، کە لە پڕۆسەیەکی هەمەلایەندا، دروستکەران بڕیار، پلان، نەخشە و ئەلتەرناتیڤی بۆ دیاریدەکەن. یاخود دەتوانین بڵێین ستراتیج بریتییە لە پلانێکی درێژخایەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجێک یان کۆمەڵە ئامانجێکی دیاریکراو بە بەکارهێنانی ئامرازە کاریگەرە جیاوازەکان، ئەمەش دەخوازێت لە هەموو سامان و تواناکانی بەردەستی دەوڵەت بخرێتە گەڕ بۆ گەیشتن بە بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە. (فتح الله، ٢٠١٤، ل٥٢-٥٣)

## ٢-٥- وزە Energy

وزە لە وشەی یۆنانی( EVEPYELA ) هاتووە کە بە مانای چالاکی دێت لە فیزیا و زانستدا. بڕێکی بنەمایی فیزیاوییە، بۆ وەسفکردنی دۆخی تۆزقاڵێک یان شتێک بەکاردێت. لە زانستی فیزیا وزە وەکو توانای ئەنجامدانی کار پێناسە دەکرێت. لە ڕووی زانستییەوە دەتوانین پێناسەی وزە بکەین بەوەی بیتییە لەو بڕە توانایەی کە لە کاتێکی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی کارێک سەرفدەکرێت. (بكر، ٢٠١٥، ل٢٥)

یاخود دەکرێت بڵێین وزە بریتییە لە توانای مادە بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو.

هەروەها وزە چەندین جۆری جیاوازی هەیە کە گرنگترینیان بریتیین لە (وزەی تیشکی، وزەی کارەبایی، وزەی نەوەوی، وزەی تیشکی خۆر، وزەی گەرمی، وزەی میکانیکی). (النقرش، ٢٠٠٥، ص٦)

## ٢-٦-سیاسەتی وزە

کەرتی وزە یەکێکە لەو کەرتە ستراتیژیانەی کە پێگەیەکی گرنگی هەیە لە سیاسەتی وڵاتانی جیهان. جا وڵاتەکە وڵاتێکی بەرهەمهێن بێت یاخود بەکاربەر. لە ڕووی چەمکەوە سیاسەتی وزە پەیوەستە بە یاساکانی پەیوەست بە (سەرچاوەی وزە، کارایی، نرخەکان، ژێرخانی ئابووری، بەرهەمی وزە، بەکارهێنان و گواستنەوەی بۆ بازاڕەکان) بەمەش مانای وایە کە کەرتی وزە مەودایەکی فراوانی هەیە کە سنووری کەرتەکانی تر تێدەپەڕێنێت بە جۆرێک

بڕیاردان لەسەر کەرتی وزە کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر کەرتەکانی تری وەکو کشتوکاڵ، ئاوهەوا، تەندروستیی گشتی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. (جریفیث, ٢٠١٨، ص٥)
سیاسەتی وزە بریتییە لەو ستراتیژیەی کە حکومەت دەیگرێتە بەر بۆ ڕێکخستنی
هاوسەنگی لە نێوان چالاکییەکانی ئێستا و ئاینده. زۆر جار پەیوەست دەکرێت بە زنجیرەیەک بژاردەی وەکو وەبەرهێنان، تەکنەلۆژیا و هەماهەنگی چالاکییەکانی کەرتە جیاوازەکانی بەرهەمهێنانی وزە. (رجاء، ٢٠٢٠، ص٩)

## تەوەرەی دووەم: پیشەسازیی پترۆکیمایییەکان

### ١- پیشەسازیی پترۆکیمیایی

زاراوەی پیشەسازیی پترۆکیمیایی هەموو ئەو پیشەسازییانە دەگریتەوە کە نەوت و گازی سروشتی تێدا بەکاردەهێنرێت لە شێوەی کەرەستەی خاو، بەهۆی ئەوەی کە پێکهاتەی نەوت و گاز بە شێوەی سەرەکی هایدرۆکاربۆنیان تێدایە، واتە لە ئەتۆمی هایدرۆجین و کاربۆن پێکدێت. گازی سروشتی بە سەرچاوەی سەرەکیی پیشەسازیی پترۆکیمیایی دادەنرێت لەگەڵ ). هەروەها سەرچاوەکانی تری وزەش بەشدارن لە بەرهەمهێنانی ئەوانیش NLGگازۆلین ( وەکو نەفت و گازۆلین و بەنزین. (النجار، ١٩٩٤، ص٥)
پیشەسازییە پترۆکیمیاییەکان بریتین لەو مادە کیمیاییانەی کە لە نەوت و گاز بەرهەمدەهێنرێن. بە گشتی پێکهاتەی ئۆرگانین لە مادەی هایدرۆکاربۆنیەکانەوە بەرهەمدەهێنرێن. بەشێک لەو مادە کیمیاییانە لە نەوتەوە بەرهەمدەهێنرێت هەروەها بەشێکی تریان لە سەرچاوەکانی تری وزەوە بەرهەمدەهێنرێن وەکو گازی سروشتی و خەلووزی بەردین یاخود لە سەرچاوە نوێبوەکانەوە بەرهەمدەهێنرێت وەکو گەنمەشامی و قوتوی شەکر. (WalkerWater,2018)

### ٢-گرنگیی پیشەسازییە پترۆکیمیاییەکان

پیشەسازیی پترۆکیمیایی بەشدارییەکی سەرەکییە لە بەشێکی زۆری ئەو پیشەسازییانەی کە کاریگەرییان لەسەر پێشکەوتنی وڵات لە ڕووی کشتوکاڵ ، پیشەسازی، بیناسازی و تەندروستی هەیە. هەروەها بەشدارە لە کەرتی پیشەسازیی ئۆتومبێل و پیشەسازیی فرۆکەوانی و تەواوی هۆکارەکانی گواستنەوەی ئاوی و دەریایی. تەنانەت بەشدارییەکی کارای هەیە لە بەرهەمهێنانی کەرستەی نێوماڵ و زانستی و سەربازی، سەرەڕای ئەو گرنگییە زۆرەی کە هەیەتی لە پیشەسازیی بڵاوکردنەوە و فۆتۆگرافی، تەنانەت بە بنەمای دروستکردنی کەرستەی کۆپیکردن و ڕەنگکردن هەژماردەکریت. (العبیدی،٢٠١٢،ص٣)
بەرهەمەکانی پیشەسازیی پترۆکیمیایی لە زۆربەی زۆری بوارەکانی ژیاندا سوودیان لێ وەردەگیرێت تەنانەت لە بەشێکی زۆری سێکتەرەکان بە شێوەی سەرچاوەی سەرەکی

یاخود سەرچاوەی یارمەتیدەر سوود لە بەرهەمەکانی وەردەگیرێت، هەروەها بە پیشەسازییەکی زیندوو و ستراتیژی هەژماردەکرێت بەهۆی ئاسانیی بەدەستهێنانی سەرچاوە سەرەتاییەکەی و گۆڕینی بۆ بەرهەمێکی تر، تەنانەت بە بەشێکی گرنگ و سەرەکی هەژماردەکرێت بۆ تەواوی بوارەکانی تری ئابووری و پیشەسازی. (اسماعیل، کلب، حبش. ٢٠١٩، ص١٨٥)

سەرەڕای ئەوەی کە پیشەسازیی پترۆکیمیایی بەشدارییەکی کارای هەیە لە بەرەوپێشبردنی وڵات لە تەواوی سێکتەرەکان، بەشدارییەکی کارای هەیە لە گەشەسەندن و بەرەوپێشبردنی ئابووریی وڵات و بەرزکردنەوەی خواست لەسەر وزە بە گشتی و گازی سروشتی بە تایبەتی. www.aerif.chrkat.com) (

هەروەها دەبێتە هۆی هەمەچەشنکردنی داهاتی گشتی و بەرەوپێشبردنی وڵات لە ڕووی شارستانییەوە. تەنانەت دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی پشتبەستن بە هەناردەکردنی سەرچاوە سروشتییەکانی وڵات. هەروەکو لە (خشتەی-١)دا ڕوونکراوەتەوە پیشەسازیی پترۆکیمیایی بەشدارە لە هەزاران پرۆسەی بەرهەمهێنان کە گرنگترینیان بریتین لە (بواری پزیشکی، (محسن، 2017، ص53).خواردەمەنی و کەلوپەلی ماڵەوە) کشتوکاڵ،

**خشتە-١ بەشداریی پیشەسازیی پترۆکیمیایی لە بەرهەمە جیاوازەکان**

| کشتوکاڵ | پیشەسازی | پزیشکی |
|---|---|---|
| قرکەرەکان | بۆری | بەرهەمی دەرمانسازی |
| کۆنترۆڵ کردنی ئافاتەکان | بۆلیەرین | حەبی کەپسول |
| ڕۆنی تراکتۆر | چەورکەرەکان(ڕۆن) | مەرحەم |
| ئامێری کشتوکاڵیەکان | پلاستک | فازەلین |
| پەینی کیمیایی | ڕۆنی سوتەمەنی | بەرهەمی جوانکاری |
| | | بەرهەمە حەساسیەکان |
| | | ئامێرە پزیشکیەکان |
| | | بەرهەمی خواردەمەنی |

مصدر: محسن، 2017، ص 23-57

جگە لەم بەرهەمانەی کە لە خشتە-١ دا خراونەتەڕوو پیشەسازیی پترۆکیمیایی ئەمڕۆ بەشدارییەکی کارای هەیە لە زۆر بواری دیکەی ژیانی ڕۆژانەمان بە جۆرێک بووەتە بەشێکی

سەرەکی لە سیستەمی بەرهەمهێنانی وزەی سەردەمیانە لەوانە پانێلی خۆر، پەروانەی تۆربایینەکانی با، پاتری، سیستەمی گەرمیی ماڵان و بەشەکانی ئۆتۆمبێلی کارەبایی و هتد. هەر ئەمەش وای کردووە ڕۆژ دوای ڕۆژ گرنگیی ئەم جۆرە پیشەسازییە ڕوو لە بەرزبوونەوە بکات. ( International Energy Agency, 2018, p11 )

سەرەڕای هەموو ئەمانەش بەرهەمە پترۆکیمیاییەکان ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە دامەزراندن و پێشخستنی پیشەسازییە بچووک و مامناوەندەکان کە دەبنە پاڵنەری باش بۆ سەرخستنی پیشەسازییە گۆڕاوەکان، لە ڕووی دابینکردنی مادەی خاو و سەرەتایی، تەنانەت بەرهەمە مامناوەندییەکان وەکو خۆراک وان بۆ پیشەسازییە جیاوازەکان بۆ بەشێکی زۆری کەرتەکان وەکو پیشەسازیی لەقوتونانی پلاستیکی، بیناسازی، پیشەسازیی ئوتومبێل، پیشەسازیی ڕیشال و جلوبەرگ و ئامێری پەیوەندیکردن و دروستکردنی چەندین ئامێر و کەلوپەلی تری پیشەسازی. بۆیە هەر وڵاتیک بەدوای گەشەی ئابوورییەوە بگەڕێت دەبێت گرنگی بە پیشەسازیی پترۆکیماییەکان بدات. (منظمة الاقطار العربية المصدرة للبترول(اوابك)، ٢٠١٨، ص١٤)

## ٣-ڕۆڵی پیشەسازییە پترۆکیمیاییەکان لە ئابووریی وڵاتاندا

هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی پیشەسازیی پترۆکیمایی لەساڵی (١٩٢٠) لە وڵاتە یەکگرتووەکانی تاوەکو ئەمڕۆش بووەتە پیشەسازییەکی جیهانی، ڕۆژ بەدوای ڕۆژ لە گەشەسەندنی ئەمریکا بەردەوامدایە. بەهۆی بەشداریی کارای لە زۆربەی زۆری پیشەسازییەکانی تر وەکو پیشەسازیی پلاستیک، لەقوتونان، جلوبەرگ و کارەبایی و ئوتومبێل، بۆیە ڕێژەی گەشەسەندنی ئەم پیشەسازییە لە ئەمریکا تا ساڵی (١٩٦٠) لەنێوان (٦.٩٪ بۆ ٨٪) بووە.

دواتر و لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٩٠) ڕێژەی خواست لەسەر ئەم پیشەساییە بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە وەبەرهێنانی گەورە لەم پیشەسازییە بە شێوازێکی خێرا سەرهەڵبدەن بە تایبەتی لە کیشوەری ئاسیا. بە جۆرێک تەنها لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کیشوەری ئاسیا ئەم پیشەسازییە لە نێوان ساڵی (١٩٩٣-١٩٩٧) بە ڕێژەی ( ٢٣٪) گەشەی کرد. هەروەها حکومەتەکان هانی گەشەسەندنی پیشەسازیی پترۆکیمیاییان دەدا بۆ ئەوەی وڵاتەکانیان بە خێرایی لە ڕووی پیشەسازییەوە گەشەبکات. پیشەسازیی پترۆکیمیایی وای لە وڵاتانی خاوەن نەوت کرد وەکو مالیزیا و ئەندەنوسیا کە لە وڵاتی هاوردەکارەوە ببن بە وڵاتی هەناردەکاری کەل و پەلی پیشەسازی.

تا سەرەتای ساڵی (١٩٩٠) بڕی بەرهەمی پیشەسازیی پترۆکیمیایی لە کیشوەری ئاسیادا کەمتر بوو لە (٢٠٪ )ی کۆی بەرهەمی جیهان و بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان پشتیان بە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و ئەوروپا دەبەست. بەڵام دواتر ئەم پیشەساییە بە شێوەیەکی خێرا گەشەسەندنی بەخۆیەوە بینی بە جۆرێک لەنێوان ساڵی (١٩٩٢) تاوەکو

(١٩٩٧) ڕێژەی گەشەی ئەم پیشەسازییە (٨،٩٪) بوو، ئەمەش بووە گەورەترین ناوەندی بەرهەمهێنان لەدوای هەریەکە لە ئەمریکا و ئەوروپا، لەنێوان ساڵی (١٩٩٧ تا ٢٠٠٠) بە ڕێژەی (٧،٧٪) قەبارەی ئەم پیشەسازییە گەشەیکرد. ( Domestic Economic Division.1999. p3(

پیشەسازیی پترۆکیمیایی لە وڵاتی تورکیا بەشدارە لە بەرهەمهێنانی بڕێکی فراوانی بەرهەمە پیشەسازییەکان، کە خزمەت بە کەرتەکانی تری پیشەسازی دەکات لەو وڵاتە بە جۆرێک لە (٧٠٪) مادە کیمیاییەکان لە پیشەسازییەکانی تر وەکو مادەی سەرەتایی یان ناوەندی بەکاردەهێنرێن، لە (٣٠٪) بە شێوەی ڕاستەوخۆ بە بەکاربەران دەفرۆشرێت، تورکیا وەکو (١٤)یەمین گەورە وڵاتی هاوردەکاری مادە کیمیاییەکان هەژماردەکرێت لە جیهاندا، پلەی (٢٧) ئەو وڵاتانەیە کە کەرستەی پترۆکیمیاییەکان هەناردە دەکەن. بە گشتی شەش جۆر لە پیشەسازیی پترۆکیمیایی لە تورکیا هەن، ئەوانیش (بۆیاخ، ڕووپۆش، پەینی کیمیایی، پاککەرەوە، جوانکاری، بەرهەماکانی ئارایشگە، مادە کیمیاییە نائۆرگانییەکان، پلاستیک و لاستیک). ئەم پیشەسازییە لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٩ تا ٢٠١٠) بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی بەخۆیەوە بینی بە ڕێژەی (٢٧٪)، لە نێوان ساڵی(٢٠١٠ بۆ ٢٠١١) بە ڕێژەی (١٢٪) گەشەی بەخۆیەوە بینیوە.(Turkay, 2015. p51(

ئەمەش بە ڕێژەیەکی بەرچاو کاریگەری هەبووە لەسەر گەشەسەندنی ئابووریی وڵاتی تورکیا بە جۆرێک ڕێژەی هەناردەکردنی بەرهەمەکانی پیشەسازیی پترۆکیمیایی لە ٣،٧) ترلیۆن دۆلاری ئەمریکی بووە. ئەم ڕێژەیە لە ساڵی (٢٠٢٠) دا گەیشتۆتە (دا )٢٠٠٧(ساڵی (٨،٩) ترلیۆن دۆلار کە ناوەندی گەشەی ساڵانەی ( ٧٪) بووە. ( https://www.invest.gov(.

جگە لە وڵاتی تورکیا پیشەسازیی پترۆکیمیایی لە وڵاتانی عەرەبیش گرنگییەکی تایبەتی هەیە بە جۆرێک لە ساڵی (٢٠١٢)دا بڕی بەرهەم (٨٦،٤) ملیۆن تەن بووە کە (١٨٪) کۆی گشتیی بەرهەمی وڵاتی پێکهێناوە، ئەم بڕە لە وڵاتی ئیمارات ڕێژەکەی (٧٪)، لە وڵاتی قەتەردا ڕێژەکە (١٤٪) ئەمە لە کاتێکدا کە وڵاتی سعودیە لە پلەی (١١)یەمینی وڵاتانی بەرهەمهێنی وڵاتانی جیهانە (٧٠٪) پیشەسازیی پترۆکیمیایی وڵاتانی عەرەبی لە سعودیە بەرهەمدەهێنرێت. (اسماعیل، کلب، حبش، ٢٠١٩، ص١٨٩)

بەهۆی گرنگیی ئەم جۆرە پیشەسازییە لە بەرەوپێشبردنی ئابووریی وڵاتان دەبینین ڕۆژ لەدوای ڕۆژ وڵاتان وەبەرهێنان لەم جۆرە پیشەسازییە ئەنجامدەدەن بە شێوەیەک قەبارەی وەبەرهێنانی پیشەسازیی پترۆکیمیایی لە بازارەکانی جیهاندا لە ساڵی (٢٠١٨)دا (٥٣٩) ملیار دۆلاری ئەمریکی بووە، پێشبینیدەکرێت ئەم ڕێژەیە لە ساڵی (٢٠٢٥) بگاتە (٩٥٨،٨) ملیار

تەنانەت لە ساڵی (٢٠١٧)دا لە (١٤٪) هاوردەکردنی (WalkerWater, 2018)دۆلاری ئەمریکی.
نەوت و لە (٨٪) هاوردەی گازی سروشتی بۆ بەکاربردن لە پیشەسازیی پترۆکیمیایی بووە.
(https://energypolicy.columbia.edu )


## ٤- پیشەسازیی پترۆکیمیایی لە کۆماری فیدراڵی عێراقدا

پیشەسازیی پترۆکیمیایی یەکێکە لە پیشەسازییە زیندوو و ستراتیژییەکان لە عێراقدا. بەهۆی دابینکردنی سەرچاوە سەرەتاییەکان و ئاسانیی گۆڕانی بۆ ژمارەیەکی زۆر لە بەرهەمی جۆراوجۆر، بە بنەمایەکی سەرەکی دادەنرێت بۆ پیشەسازییەکانی تر.

مێژووی ئەم پیشەسازییە لە عێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی شەستەکان، کە چەندین کۆمپانیای گەورە دروستکران بە ناوی "کەرتی هاوبەش" کە لەلایەن حکومەتەوە پشتگیری دەکران بە یارمەتیی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان. یەکەم کۆمپانیای پیشەسازیی پترۆکیمیایی لە ساڵی (١٩٦٩) لە بەسرە دامەزرا، کە پیشەسازیی پەینی کیمیایی بوو، ئەم پیشەسازییە لە ساڵی (١٩٧١) دەستیکرد بە بەرهەمهێنان، بەڵام لە سەرەتادا بەرهەمەکەی بە شێوەیەکی بەرچاو نەبوو. دواتر لە ساڵی (١٩٧٩) دوو پرۆژەی تری گەورەی پیشەسازی بنیادنران، دواتر کران بەیەک و ناونرا کۆمپانیای پەینی کیمیایی لە بەسرە، کە کۆمپانیای گشتیی پەینی کیمیاییە لە بەسرە و لە توانای دابوو ڕۆژانە (٢٠٠٠) تەن پەینی ئەمۆنیا و (٣٢٠٠) تەن پەینی یوریا بەرهەمبهێنێت. (اسماعیل،کلب، حبش، ٢٠١٩، ص١٨٧)

لە ساڵی (١٩٧٧) کۆمپانیایەکی تر لە بەسرە دامەزرا بۆ بەرهەمهێنانی مادەی سەرەتایی بۆ بەرهەمهێنانی پلاستیک و هەر بەرهەمێکی تری پترۆکیمیایی کە پشت بە گازی سروشتی و بەرهەمە نەوتییەکان ببەستێت، دواتر و لە ساڵی (١٩٩٧) کۆمپانیایەکی گشتیی پەینی کیمیایی لە ناوچەکانی باشووری عێراق دامەزرا. (العبید، ٢٠١٢، ص٨)

بەرهەمی پیشەسازی لە عێراقدا لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)یەوە بەردەوام لە هەڵبەز و دابەز بووە، بە شێوازێکی ئەوتۆ کاریگەری نەبووە لەسەر بەرزکردنەوەی داهاتی گشتی لە عێراقدا، بەهۆی ئەو باردودۆخە سیاسییەی کە عێراق پێیدا تێپەڕیەوە تاوەکو ئێستا هیچ پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینیوە، هەروەکو لە خشتە-٢ بە جۆرێک بڕی بەرهەم لە ساڵی (٢٠٠٣)دا (٤٧٣٢) تەن بووە لە ڕۆژێکدا، ئەم ڕێژەیە لە ساڵی (٢٠٠٦)دا بەرزبۆتەوە بۆ (١١١٢٧) تەن، لە ساڵی (٢٠١٠)دا بەرزترین ڕێژەی تۆمارکردووە کە گەیشتۆتە (١٥٦٢٦) تەن لە ڕۆژێکدا. دواتر ئەم ڕێژەیە ساڵ لەدوای ساڵ دابەزیوە بە جۆرێک لە ساڵی (٢٠١٦)دا گەیشتۆتە (٨٨٧٩) تەن لە ڕۆژێکدا هەروەکو لە شێوە-١ دا ڕوونکراوەتەوە، ئەم ڕێژەیەش کاریگەریی نەبووە لەسەر پڕکردنەوەی خواستی ناوخۆی وڵات، بۆیە عێراق تاوەکو ئێستاش تاکە داهاتی گشتیی وڵات پشت دەبەستێت بە هەناردەکردنی نەوتی خاو بە ڕێژەی (٩٤٪) زیاتر. (اسماعیل، کلب، حبش، ٢٠١٩، ص١٨٧)




| بڕی بەرهەم | ساڵ |
|---|---|
| ٤٧٣٢ | ٢٠٠٣ |
| ٥١٣٧ | ٢٠٠٤ |
| ٩٦٢٧ | ٢٠٠٥ |
| ١١١٢٧ | ٢٠٠٦ |
| ١٥٦٤ | ٢٠٠٧ |
| ٩٦٣٠ | ٢٠٠٨ |
| ٨١٥٣ | ٢٠٠٩ |
| ١٥٦٢٦ | ٢٠١٠ |
| ١٢٤٣٢ | ٢٠١١ |
| ٧٩١٩ | ٢٠١٢ |
| ٨٤١٧ | ٢٠١٣ |
| ٩٥٢٨ | ٢٠١٥ |
| ٨٩٢١ | ٢٠١٥ |
| ٨٨٧٩ | ٢٠١٦ |

خشتە-٢ بەرهەمی پیشەسازیی پترۆکیمیایی لە عێراقدا لە نێوان ساڵی (٢٠٠٣-٢٠١٦) تەن

المصدر: اسماعيل، كلب، حبش، ٢٠١٩، ص١٨٧

**شێوە-١بەرهەمی پیشەسازیی پترۆکیمیایی لە عێراقدا / تەن**

سەرچاوە:کاری توێژەران بە سوودوەرگرتن لە خشتە-٢

## تەوەرەی سێیەم: سیاسەتی وزەی هەرێمی کوردستان و پیشەسازیی پتروکیمیاویات

هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو ناوچانەی کە دەوڵەمەندە بە سەرچاوە سروشتییەکان لە نەوت و گازی سروشتی، بە جۆرێک بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان یەدەگی نەوتی خاو لە هەرێمی کوردستان بە (٤٥) ملیار بەرمیل خەملێنراوە و گازە سروشتییەکەشی بە (٢٠٠) ترلیۆن پێ سێجا (٥.٧ ترلیۆن مەتر سێجا) خەملێنراوە. ( www.gov.krd/mnr/ ) سەرچاوەی نەدۆزراوەی نەوتی بە (٤١) ملیار USGSهەروەها دەزگای ڕووپێویی ئەمریکی ( ) بەرمیل، یەدەگی گازی سروشتی بە (٥٤) ترلیۆن پێ سێجا خەملاندووە، هەرچی دەزگای وزەی نێودەوڵەتیی ( IEAلە ساڵی (٢٠١٢) یەدەگی سەلمێنراوی نەوتی خاوی هەرێمی کوردستانی ) بە(٤) ملیار بەرمیل خەملاندووە. ( Mills,2016,p17)

بوونی ئەم برە زۆرەی یەدەگی نەوت و گازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان هانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دا، کە سیاسەتێکی گشتی بگرێتە بەر بۆ بەڕێوەبردنی سامانە سروشتییەکانی، کە بریتییە لە بەکارهێنانی دانایانەی سەرچاوە سروشتییەکان بۆ سوود گەیاندن بە هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستان و عێراق، و دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ لە قۆناغی نەبوونی پیشەسازیی هایدرۆکاربۆنەکانەوە لە ساڵی(٢٠٠٥) و پەرەپێدانی خێرای کەرتێکی نەوت و غازی مۆدێرن و کێبڕکێکەر کە ببێتە کۆڵەکەی ئابووریی هەرێم._ ( www.gov.krd/mnr/) بۆیە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراقدا لە ساڵی (٢٠٠٣)دا دەرفەتێکی گەورە لە بەردەم کەرتی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان هاتە ئاراوە بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم کەرتە.

لەدوای پەسەندکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٥)دا کە لە مادەی (١١١)ی دەستووردا هاتووە، کە نەوت و گاز موڵکی هەموو عێراقییەکانە لە هەر پارێزگا و هەرێمێک بێت، لە هەمان کاتدا لە برگەی یەکەمی مادەی (١١٢)ی دەستووردا دەسەڵات بە هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت و گاز دراوە کە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی

کێڵگەکانی ئێستا بەڕێوەببەن بە مەجێک داهاتەکەی بە شێوەی یەکسان و بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوان دابەشبکەن، هەروەها لە برگەی دووەمی مادەی (١٢١) دەستووردا هاتووە، کە ئەگەر ناکۆکییەک لەنێوان دەسەڵاتە تایبەتییەکانی فیدرالدا هەبێت، ئەوا حکومەتی هەرێم یاساکەی حکومەتی عێراق هەمواردەکاتەوە هەروەها هەرێم مافی هەموارکردن و جێبەجێکردنی یاسای فیدرالی لە هەرێم هەیە، کە ئەگەر ناکۆکییەک لەسەر بابەتێک لەنێوان یاسای فیدرال و یاسای هەرێمەکان هەبوو. (دەستوری عێراق،٢٠٠٥، لا ٦٤-٦٩) لەژێر ڕۆشنایی ئەم مادە یاساییانەدا حکومەتی هەرێم هەڵسا بە دامەزراندنی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە ساڵی (٢٠٠٦)دا بە مەبستی ڕێکخستن و سەرپەرشتیکردنی پرۆسەکانی نەوت کە دارشتن، دەرهێنان، چاودێریکردن، سیاسەت، پلاندانان، سەرپەرشتی، وردبینی و بەبازارکردن بۆ پرۆسەکانی نەوت دەگرێتەوە. (www.gov.krd/mnr/)

لە دەرئەنجامی نەبوونی یاسیای نەوت و گاز لە پەرلەمانی عێراق، یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی تایبەت بە نەوت و گاز لە ڕێکەوتی (٢٠٠٧/٨/٦) لە پەرلەمانی کورستان دەرچوو، ئەم یاسایە توانی دەسەڵات بە هەرێم بدات بۆ گەڕان و بەدواداچوون و بەرهەمهێنان لەو کێڵگانە بکات کە لە دوای ( ٢٠٠٥/٨/١٥ ) دۆزراونەتەوە، هەروەها هاوبەش بێت لە بەڕێوەبردن و سیاسەتەکانی نەوت و گاز لەو کێڵگانەی کە لە پێش (٢٠٠٥/٨/١٥) دۆزراونەتەوە. (ڕەشنوسی دەستووری هەرێمی کوردستان،٢٠٠٧) لەو کاتەدا نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بە چرکەساتێکی مێژوویی وەسفیکرد، ڕاشیگەیاند کە یاساکە لە چوارچێوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقدایە و ئامانج لێی گەشەپێدانی ئابوورییە لە هەرێمدا. (www.previous.cabinet.gov.krd)

ئامانجی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەرەپێدان بە کەرتی گازی هەرێمی کوردستان بریتییە لە پڕکردنەوەی پێداویستیی ناوخۆ بۆ وزەی کارەبا و پیشەسازییەکان ئینجا هەناردەکردنی. بۆ ئەم مەبەستەش حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵسا بە پەیرەوکردنی ( کە هەموارکراوەتەوە تاوەکو لەگەڵ یاسای نەوت و PSCگرێبەستی وەبەرهێنانی هاوبەش ( گازی هەرێمی کوردستان بگونجێت، لە ساڵی (٢٠٠٨)دا حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتڕاستی ئەوەی کردەوە کە یاسای نەوت و گازی هەرێم هاوتایە لەگەڵ دەستووری عێراقدا، ئەویش بەهۆی وەرگرتنی سەرنج و تێبینیی پسپۆڕانی سەربەخۆی یاسایی، لەوانە کە پرۆفیسۆری یاسای نێودەوڵەتییە لە ڕێگەی (کیلفۆرد )جەیمس ر. کۆرفۆرد(پرۆفیسۆر چانس)ەوە، کە دەزگایەکی یاسایی فرە نەتەوەییە. (www.gov.krd/mnr/)

بەم جۆرە حکومەتی هەرێمی کوردستان توانی بە خێرایی پەرە بە کەرتی نەوت و گازی خۆی بدات ئەوە بوو توانی لە ماوەیەکی کەمدا سەرنجی چەندین کۆمپانیای بیانی ڕاکێشێت بۆ ئەوەی بێن و وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان ئەنجامبدەن. لە نێوان ساڵی (٢٠٠٤-٢٠١١) حکومەتی هەرێم توانی (٤٢) گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا جیهانییەکانی بواری نەوت و گاز ئەنجامبدات. (الكاكاني، ٢٠١٩، ص٨)

کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیلی ئەمریکی بە یەکەم کۆمپانیای گەورەی جیهانی دادەنرێت، کە ڕووی لە هەرێمی کوردستان کرد بۆ وەبەرهێنان، ئەمەش دەرفەتی خۆشکرد بۆ زۆرێک لە کۆمپانیا جیهانییەکانی تر کە بێن و وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان ئەنجامبدەن. (Pfluger and Duero, 2011, p1)

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵسا بە ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ ) ٢٠٠٧(لە ساڵی کۆمپانیای دانا غاز و هیلالی نەوت بۆ هەڵسەنگاندن و پەرەپێدان و بەرهەمهێنان و بەبازاڕکردن و فرۆشتنی نەوت و گازی سروشتی لە هەردوو کێڵگەی کۆرمۆر و چەمچەماڵدا ملیۆن پێ سێجا[1] بوو، لە ساڵی (٢٠١٨)دا بڕی بەرهەم )کە لە سەرەتادا بڕی بەرهەم (٣٠٠ گەیشتە (٣٥٠) ملیۆن پێ سێجا، بەهۆی پەرەپێدان بە گازی سروشتی لە کۆتایی ساڵی (٢٠٢١)دا بڕی بەرهەم گەیشتە (٤٥٢) ملیۆن پێ سێجا. ( www.danagas.com/)

هەڵسا )نێچیروان بارزانی( دواتر و لە ساڵی(٢٠١٣) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئەنجامدانی گرێبەستی (٥٠) ساڵەی نەوت و گاز لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆگان بۆ هەناردەکردنی نەوت و گازی سروشتی کە لە ساڵی (٢٠١٤) دەستکرا بەهەناردەکردنی نەوت بۆ بەندەری جەیهانی تورکی، بڕیار بوو بۆ ساڵی (٢٠١٧) بڕی (٤) ملیار مەتر سێجا گازی سروشتی هەناردە بکرێت و بە گەیشتنی ساڵی (٢٠٢٠) ئەم ڕێژەیە بگەیێننە (١٠) ملیار مەتر سێجا. (محمد، ٢٠١٥، لا٦٠)

جگە لەم ڕێککەوتنە حکومەتی هەرێم لە ساڵی (٢٠١٧) ڕێککەوتنی لەگەڵ کۆمپانیای ڕۆزنەوتی ڕووسی ئەنجامدا بۆ بەرەوپێشبردن هێڵی بۆڕیی کوردستان –تورکیا بۆ هەناردەکردنی (١) ملیۆن بەرمیل ڕۆژانە و دروستکردنی بۆڕیی گازی سروشتی کە بڕیار بوو لە ساڵی (٢٠١٩) دەستپێبکات بۆ گەیاندنی گازی سروشتیی هەرێم بۆ بازاڕەکانی ئەوروپا لە ڕێگەی تورکیاوە. (الكاكاني، ٢٠١٩، ص٩)

بۆیە ستراتیژیەتی حکومەتی هەرێم بریتییە لە وەی کە هەرێم بتوانێت ببێتە دابینکەرێکی متمانەپێکراو و جێگیر و مسۆگەری نەوت و گاز بۆ بازاڕە نێودەوڵەتییەکان. (مەسرور بارزانی) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (www.gov.krd/mnr/)

[1] یەک مەتر سێجا= ٣٥.٣١٥ پێ سێجا.

وتارێکدا لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٣/٢٨) کە لە (کۆڕبەندی ئابووریی وزە) لە وڵاتی ئیمارات پێشکەشیکرد ڕایگەیاند کە ئەوان سوورن لەسەر ئەوەی کوردستان بکەنە سەنتەرێکی وزە لە ناوچەکەدا، ئەوەشی گوت کە ئێمە دەتوانین لە داهاتوویەکی نزیکدا ببینە هەناردەکارێکی گازی سروشتی بۆ ناوچەکانی دی کەی عێراق، تورکیا و ئەورووپا، دەتوانین ئاسایشی وزەی ئەوان دابینبکەین. (صالح، ٢٠٢٢)

گەی گازی سروشتی تەنها لە Lلە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان لە کۆی (١٠) کێ
کە ئەویش برەکەی (٤٥٢) ملیۆن پێ سێجایە ,کێڵگەی کۆرمۆڕ بەرهەمی گازی سروشتی هەیە ) کە کۆمپانیای LPG( لەگەڵ (١٥٠٠٠) بەرمیل کۆندێسە و (١٠٠٠) تەن گازی شلی ماڵان گازە لەم کێڵگەیەدا بەرهەم دێنن و هاوبەشەکانی ئەم برە داناگاز (https://www.danagas.com/operations/kri/kri-2/)

بەهۆی گرنگیی پیشەسازیی پترۆکیمیاییەکان لە هەمەچەشنکردنی ئابووریی وڵات و زیادکردنی داهاتی گشتی، پیشەسازییە پیترۆکیماییەکانیش بەشێکی گرنگی سیاسەتی وزەی هەرێم پێکدێنن بە جۆرێک بەپێی پلانی ستراتیژیی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠١٣-٢٠٢٠) بۆ گەشەپێدان و پەرەپێدانی پیشەسازیی کیمیایی بڕیار بوو (٤٥٪ ) مادە کیمیاییەکان بۆ کارگەکان دابینبکرێت، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ هەنگاوێکی جدی بۆ دامەزراندنی کارگەی پیشەسازیی پترۆکیمیایی نەدراوە. (وەزارتی پیشەسازی و بازرگانی، ٢٠١٢، لا٢٤) بەڵام بەپێی پلانی ستراتیژیی حکومەتی هەرێم بێت بۆ ساڵی (٢٠٣٠) حکومەت هەوڵی هەمەچەشنکردنی ئابووری دەدات لە ڕێگەی سوودوەرگرتن لە داهاتی سەرچاوە سروشتییەکان بۆ وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵ و گەشتیاری و پیشەسازی بە مەبەستی خێراکردنی هەمەچەشنکردنی ئابووری و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە نەوت و دروستکردنی دەرفەتی کاری بەها زیادکار کە ڕۆڵی هەبێت لە زیادکردنی داهاتی گشتی و داهاتی تاکەکانی وڵات. (دیدگای،٢٠٣٠)

## ئەنجام

١- پیشەسازیی پترۆکیمیایی یەکێکە لەو پیشەسازییە ستراتیجییانەی کە بە بڕبڕەی پشتی گەشەسەندنی پیشەسازییە بچووک و مامناوەندەکان لە وڵاتدا هەژماردەکرێت.
٢- پیشەسازیی پترۆکیمیایی ڕۆڵی گرنگی هەیە لە بەرەوپێشبردنی لە تەواوی کەرتەکاندا و دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی پشتبەستن بە هەناردەکردنی نەوت و گازی سروشتی.

٣- لە کۆماری عێراقی فیدراڵیدا لە کۆتایی شەستەکانەوە گرنگی بە پیشەسازیی پترۆکیمیایی دراوە، لە نێوان ساڵانی (١٩٦٩) تاوەکو (١٩٩٧) چەند کارگەیەکی پیشەسازی دامەزرێنراون، بەڵام تاوەکو ئێستا بەرهەمی ئەم کارگانە ناتوانن پێداویستیی ناوخۆی وڵات دابینبکەن.

٤- سیاسەتی وزەی هەرێمی کودستان زیاتر گرنگی بە هەناردەکردنی نەوت و گازی سروشتی بۆ وڵاتانی دەرەوە دەدات.

٥- پیشەسازییە پترۆکیماییەکان هیچ پێگەیەکی گرنگیان لە سایسەتی وزەی هەرێمی کوردستاندا نییە.

٦- لە هەرێمی کوردستاندا هیچ گرنگییەک بەم جۆرە پیشەسازییە نەدراوە و هیچ کارگەیەکی پیشەسازیی پترۆکیمیایی لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا نییە.

## پێشنیاز

١- پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهاتی بدات و تەنها پشت بە هەناردەکردنی نەوت و گازی سروشتی نەبەستێت.

٢- پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان سوود لە سەرچاوە سروشتییەکانی ببینێت بۆ بوژاندنەوەی کەرتەکانی تر لە وڵاتدا وەکو کەرتی کشتوکاڵ، پیشەسازی، پەروەردە و هتد.

٣- پێویستە هەرێمی کوردستان هەوڵی دامەزراندنی کارگەی پیشەسازیی پترۆکیمیایی بدات لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان و سووتەمەنیی پێویستی بۆ دابینبکات.

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان


١- ئیسماعیل، دکتۆر سلێمان عەبدوڵا، ٢٠٠٤، چەمک و سنوری هەرێمی کوردستانی عێراق، گۆڤاری سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی، سلێمانی.

٢- بکر، هۆشیار عەزیز، ٢٠١٥، سەرەتایەک لەسەر وزە نوێبوەکان، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٣-حداد،د.هاشم حمدامین، عبدالرحمن، سەردار محمد، خۆشناو، هۆشیار محمدامین، ٢٠٠٩، ئەتلەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق وجیهان، چ١، کۆمپانیای تێنوس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری، هەولێر.

٤-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێمی، نەخشەی هەرێمی کوردستان،٢٠٢٠.

https://krso.gov.krd/ku/map
٥-حمد، ڕێبین ڕۆستەم ڕەسول، ٢٠١٤، بایەخی جیۆپۆلەتیکی توخمە سروشتیەکانی جوگرافیای هەرێمی کوردستانیی عێراق، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، کۆیە، بلاوکراوەتەوە.

٦- دەستوری هەمیشەیی عێراق، ٢٠٠٥

٧- ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٧

٨- سیاسەتە گشتگیرەکانی نەوت وگازی سروشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
https://gov.krd/mnr/

٩- فتح اللە، د. سەفین جلال، ٢٠١٤، بنجینەو بنەماکانی زانستی جوگرافیای سیاسی، چ١، چاپخانەی نارین، هەولێر.

١٠- فتح الله، سەفین جلال،(٢٠١٤)،بنچینەو بنەماکانی زانستی جوگرافیای سیاسی،چ١، دەزگای چاپ وپەخشی نارین،هەولێر.

ڕۆلی دانەوێلە لە زامن کردنی ئاسایشی خۆراک لە هەرێمی ساکارمحمد،(٢٠٠٨)، ١١- گەردی، سلێمانی. زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەر، کوردستان، لێکۆلینەوەیەکە لە جوگرافیای سیاسی،

١٢- مهاجرانی، د. دوره میر حەیدەر، ٢٠١٠، بنەماکانی جوگرافیای سیاسی، وەرگێران، هاوریَ یاسین محمد امین، چ١، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

١٣-محمدامین، هاوریَ یاسین، ٢٠١٢، دەروازەیەک بۆ جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆڵەتیک، چ١، ناوەندی غەزەلنوس، سلێمانی.

١٤- محمدامین، هاوریَ یاسین، ٢٠١٤، لێکۆلینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستان، چاپخانەی کارۆ، چ ٣، سلێمانی.

١٥- محمد،چنار بابەکر، ٢٠١٥، کاریگەری نەوت وگاز لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان-عێراق لەدوای ساڵی ٢٠٠٣.نامەیەکی ماستەرە پێشکەش کراوە بە کۆلێژی یاساو زانستە سیاسیەکان زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر،بلاوکراوە،

١٦- نەقشەبەندی، د. ئازاد محمد ئەمین، ١٩٩٦، دەربارەی چەمکی جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، گۆڤاری سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی. سلێمانی.

١٧- هەرێمی کوردستانی عێراق،دیدگای ٢٠٣٠. KRIVision2030 Kurdish.pdf

١٨- هەمەوەندی، یادگار عبدالله علی، ٢٠٠٨، ڕەهەندە سیاسیەکانی پرۆسەی ئەنفال لە هەرێمی کوردستان "لێکۆلینەوەیەکە لەجوگرافیای سیاسی"، نامەی ماستەر،زانکۆی کۆیە، کۆیە، بلاوکراوەتەوە

١٩- وەزارتی پیشەسازی و بازرگانی،٢٠١٢، پلانی ستراتیژی وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی (٢٠١٣-٢٠٢٠)

٢٠-طالب،جەزا تۆفیق؛صادق،سیروان عارەب،(٢٠١٩)،ڕۆلی نەوت لە کێشی سیاسی هەرێمی کوردستانی عێراق،گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان،٢٣، ٣،هەولێر.

**سەرچاوە عەرەبیەکان**

عمان. الطابع الاول، الطاقه (مفاهیمها،انواعها،مصادرها)، عبدالمطلب،٢٠٠٥، ٢١- النقرش،

العدد٢٣، مجله العلوم والتقنیه، الصناعه البتروکیمیاویه، ابراهیم محمود،١٩٩٤،د ٢٢- النجار، السعودیه.

٢٣- العبیدی.م.د.کوان طه ولی.٢٠١٢. التحلیل المائی والاقتصادی للصناعات البتروکیمیاویات فی العراق للمده(٢٠٠٠-٢٠٠٨) جامعه المستنصریه، مجله الاداره والاقتصاد، عدد ٩٢، بغداد.

٢٤- اسماعیل.م.شهاب احمد، حبش، م. بها انور. کلیب، م.انمارغالب. ٢٠١٩. صناعه البترۆکیمیاویه فی العراق الواقع الحالی وتحدیات المستقبل، جامعه تکریت، مجله تکریت للعلوم الاداریه، والاقتصادیه، المجلد ١٥، تکریت.

٢٥- اعرف اکثر عن اهمیة الصناعات البتروکیمیاویة ومنتجاتها.
https://aerif.chrkat.com/importance-of-petrochemical-industries-and-their-products/

٢٦- الكاكاني، وحید انعام،٢٠١٩، جیوسیاسیه النفط والغاز فی اقلیم کوردستان العراق والفواعل الاقلیمیه والدولیه، ٢٠٢٢،٢،٧.

٢٧- السماک،آ،د،محمد ازهر سعید،٢٠٠٠،جغرافیه الصناعه"بمنضوره عامه".مکتبه عربیه طوس.

٢٨-برلمان كوردستان يصادق على قانون النفط والغاز الخاص بإقليم كوردستان العراق.
http://previous.cabinet.gov.krd/a/print.aspx?l=14&smap=010000&a=19514

٢٩-جريفيث، الدكتور ستيفن، 2018، دبلوماسية الطاقة الثنائية في حقبة التحول في مجال طاقة، أكاديمية الامارات الدبلوماسية، امارات، ص5.

٣٠-رجاء, رقيق ,2020 , السياسة الطاقوية للأتحاد الأوروبي, رسالة ماجستر في العلوم السياسة وعلاقات الدولية, جامعة العربي بن مهيد –ام البوقاتي, الجزائير.

٣١- صالح،ابراهیم.٢٠٢٢.بارزانی،اقلیم کردستان یمکنه تعویض جزء من نقص الطاقه الاوربا.
https://www.aa.com.tr/ar/

٣٢- منظمة الاقطار العربیة المصدرة للبترول(اوابک)، ٢٠١٨، دور الصناعه البتروکیمیائیه فی تنمیه الصناعات الصغیره والمطوسطه.

٣٣-محسن، اسعد رحیم، ٢٠١٧، تحلیل اتجاهات الاستثمارفی الصناعات البتروکیمیاویه فی العراق، رسالە ماجستیر، کلیه الاداره والاقتصاد، جامحه کربلا، العراق.

**سەرچاوە ئینگلیزیەکان**

34- Domestic Economic Division. Economic Department Monetary Authority of Singapore.1999. The Petrochemical Industry in Singapore. P3

https://www.mas.gov.sg/-/media/MAS/resource/publications/staff_papers/MASOP014_ed.pdf

35- Dejan, Radulovic, Renata, Pindzo, Sofija, Rabulovic and Darko, Vukovic, 2015, Region as a Basic Territorial Unite of Regional Development (Concept and Types). Economic Analyses, Vol, 48, Nom, 3-4.

36-International Energy Agency, 2018, The Future of the Petrochimicals, Towards more sustainable Plastics and Fertilisers, https://iea.blob.core.windows.net/assets/86080042-1c55-4c37-9c20-d3390aa5e182/English-Future-Petrochemicals-ES.pdf

37-Kurdistan Region of Iraq. https://www.danagas.com/operations/kri/

38- Pfluger, Friedberd and Duero, Arash,2011, New Stability and Prospective for Kurdish Oil and Gas, p1. https://www.elektormagazine.com/news/New-Stability-and-Prospects-for-Kurdish-Oil-and-Gas

39- Presidency of The Republic of Turkey, Investment office. Turkey Bright for Chemical Investment.

https://www.invest.gov.tr/en/library/publications/lists/investpublications/chemicals-industry.pdf

40-Regional Concept of Geography: Attributes, Classification of Regional and Regionalism.

http://moirabaricollegeonline.co.in/attendence/classnotes/files/1607175275.pdf

41-Mills, Robin, 2016, Under the Mountains: Kurdish oil and Regional Politics. The Oxford Institute for Energy studies, London, p17.

42- Turkay, Metin. 2015. Turkey's Chemicals Industry Expands into Global Market. Koc University. Research Gate.p51. https://www.researchgate.net/publication/280683207_Turkey's_Chemicals_Industry_Expands_into_Global_Markets

43- The IEA Global Family. The Future of Petrochemicals.

https://energypolicy.columbia.edu/sites/default/files/pictures/SIPA%20slides%20IEA.pdf

44- WalkeWater.2018. Industry Paper on Petrochemical Industry. https://www.walkwatertalent.com/wp-content/uploads/2020/01/Industry-Paper-Petrochemicals-Industry.pdf

45-https://www.danagas.com/media/press-releases#sec-7006 Accesed.6/5/2022

**ملخص**

الصناعات البتروكيمياوية لها اهمية خاص في تنمية البلاد،لأنها منتجاتها تستخدم كمواد خام في معظم الصناعات الاخري. لذلك في هذه الدراسة ركزنا علي الصناعة البتروكيميائية في سياسة الطاقة لأقليم كوردستان. تم استخدام كل من تحليل القوة و الطرق التحليلية، للوصول الي الاستجابات العلمية قسمنا البحث الي ثلاثة محاور رئيسية. المبحث الاول يحلل اطار البحث و الثاني يتناول صناعة البتروكيمياوية و اهميتها, اما المبحث الثالث فيتناول سياسة الطاقة و الصناعة البتروكيمياوية في المنطقة, نتيجة ذلك توصلنا الي انه رغم علي اهمية هذه النوع من الصناعة، ولكن حتي الان لم يتم الأهتمام بهذه نوع من الصناعة في اقليم كوردستان.

**الكلمات المفتاحية:** طاقة، الصناعة البتروكيمياوية، السياسة الطاقة, اقليم كوردستان.